# ناساندنی جۆرەک

کیبۆرد گرنگترین ئامرازە بۆ ئەنجامدانی فەرمان و ئەرکان لە کۆمپیوتەردا، (keyboard) کە بەمانای تەختەی دوگمەکان یان تەختەی کلیلەکان دێت، گشت ئەو ئەرك و فەرمانانەی کە بەکارهێنەری کۆمپیوتەر نیازی هەیە لەسەر پرۆگرامەکان، یاری، نووسینی دەق..تاد دەتوانێت بەهۆیەوە بە کۆمپیوتەرەکەی بسپێرێت. بەبــێ بوونی کیبۆرد، ناتوانیت هیچ ســوودێك لە کۆمپیوتەر وەربگریت، لــەم دواییەدا جگە لە کیبۆردی حەقیقــی، واتە ئەو کیبۆردەی دەتوانیت دەســت لە دوگمەکانی بدەیــت و فەرمانەکانی پێ ئەنجام بدەیت، کیبۆردی مەجازیش هاتۆتە ئاراوە، کیبۆردی مەجازی بەو کیبۆردە دەگوترێت کە تەنیا شێوەی کیبۆرد لەسەر



## ARC کیبۆردی وایەرلەیسی مایکرۆسۆفت

ئەو کیبۆردە یەکێك لە باشترین جۆرەکانی کیبۆردە، کە بەم کەوانەیەی کە هەیەتی ستایلێکی وەرزشی زۆر جوانی بە کیبۆردەکە بەخشــیوە، جگە لە ستایلی سەرنجراکێشی کیبۆردەکە، بوونــی سیســتەمی وایەرلەیس وای کردووە کە بکرێت لەگەڵ هەر ئامێرێك کە لەو سیســتەمە کەڵــك وەردەگرێت پەیوەنــد بدرێــت، کیبۆردەکــە بەرهەمی کۆمپانیای مایکرۆســۆفتە، بەڵام بۆ ئەوانەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە تایبکردندا نییە، رەنگە کیبۆردێکی لەم جۆرە هیچ سوودێکی ئەوتۆیان بۆی نەبێت.



## کیبۆردی وایەرلەیسی جۆری K400

کیبــۆردی جۆری K400 نــاوی بەرهەمێکی دیکەی کۆمپانیای Logitechە کە زۆر زۆر تەنکە و زۆریش سووکە، زۆربەی دوگمە زیادییەکان لەم کیبۆردەدا لابردراون. جگە لەوەش بەشێکی لەمسی کە لە کیبۆردەدا دەبینرێت، ئەرکی ماوس یان تاچ پەدی لاپتۆپ ئەنجام دەدات.

## کیبۆردی هەتاوی جۆری K750



کیبۆردی جــۆری Logitech Wireless solar K750 ئەم کیبــۆردە زۆر تایبەتییە و بۆ کارکردنی پێویستی بە وزەی خــۆرە، تەنانەت بە رووناکییەکی زۆر کەمیش کار دەکات، واتــە ئــەوە گرنگ نییە کە تیشــکی خۆر دەبێت هەمیشە لەسەر کیبۆردەکە بێت. واتە بە رووناکی ژوور یــان گڵۆپیش کار دەکات و وزەی رووناکــی دەکاتە وزەی کارەبایــی و باترییەکانــی پێ شەحن دەکاتەوە، گەر باترییەکانی شەحن بوونەوە دەکرێت هەتا سێ مانگ بەبێ هیچ رووناکییەکیش سوودی لێوەربگیرێت.

٣

# ـــــــانی کیبۆرد

**شاشـــەیەك دەردەکەوێت و بە داگرتنی هێمای پیتەکان لەســـەر شاشەکە دەکرێت فەرمانەکان وەك کیبۆردێکی ئاسایی ئەنجام بدەیت، بەڵام کە کوژاندتەوە یان لە پرۆگرامەکە چوویەدەر، ئیدی کیبۆردێك بوونی نامێنێت.. ئەو جۆرە کیبۆردە لە تەبلێت و مۆبایلە لەمسییەکاندا بوونی هەیە.**

**جۆرەکانی کیبۆرد گەلێکن، هەر کام لە کیبۆردەکان لەبواری دیزاین و کاروکردەوە جیاوازن، هەندێك کیبۆرد جگە لەوەی هەندێك تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆی هەیە، لە بواری ســـتایل و دیزاینیشـــەوە جیاوازە، لەمەولا هەر جارە و هەندێك لەگەڵ چەند جۆرە کیبۆردێکدا ئاشناتان دەکەین.**



## کیبۆردی جۆری G510 تایبەت بە یاری کۆمپیوتەر

کۆمپانیـــای لاجیتیك زۆربـــەی کارکـــردی کۆمپانیاکەی لە بەرهەمهێنانـــی کیبۆرددا چـــڕ کردۆتەوە، بەشـــێکی زۆری ئەم کیبۆردانەی لێرەدا باسیان کراوە، هی کۆمپانیای ناوبراون. کیبۆردی جۆری G510 کیبۆردێکی تایبەت بە گەیمەرەکانە، شاشـــەیەکی LCD لەسەرە بۆ نیشاندانی زانیاریی تایبەت بە یارییەکە ژمارەی یاریکـــەرەکان و زانیاری ســـێرڤەری گەیمەکـــە، هەروەها دەکرێت باکگراوەندی دوگمەکان بگۆڕدرێت.

## کیبۆردێک تەنیا بۆ یەک دەست!



Maltorn کیبۆردێکـــی نوێیـــە و ســـتایلەکەی سەرنجڕاکێشـــە، ئەگەرچی گشت کیبۆردێك ئەرکەکـــەی ئەوەیـــە کـــە بکرێت لە تایبکردنـــدا ئاســـانکاری بـــۆ بەکارهێنەرەکەی بڕەخســـێنێت و خێرایـــی زیاتر بـــۆ راپەڕاندنی ئەرکەکان هەبێت، بەڵام ئەم کیبۆردە پێچەوانەیە، چونکە بۆ یەك دەســـتە، هەرچەنـــدە دەگوترێت بـــەم کیبۆردە خێرایی تایبکـــردن زیاتر دەبێت، و هەســـت بـــە ماندوویەتی ناکرێت، بـــەڵام رای من وا نییـــە. چونکە مرۆڤ ئەوەی بـــە هەردوو پەنجەی دەیکات ناتوانێت بە یەك پەنجە ئەنجامی بدات.

## کیبۆردی جۆری Loxeed U7 Crossover

ئـــەم کیبۆردە کارایی و توانایـــی لەگەڵ کیبۆردەکانی دیکـــە جیـــاوازە، چونکـــە دوگمەکانی دەکرێـــت بۆ هەر کامیـــان پرۆگرامێك دابندرێـــت و ئەرکێکی تایبەتی پێ بســـپێردرێت، هەروەها بوونی گڵۆپی رەنگاورەنگی LED جوانییەکـــی تایبەتی بە کیبۆردەکە دەبەخشـــن، بەکارهێنـــەر دەتوانێت لـــە بەشـــی Plug & Play بۆ گۆڕینـــی رەنگـــی رووناکی LED بـــەکار بهێنرێت. یان لە پرۆگرامێکـــی تایبەتی کە بەنـــاوی Muskin ە بۆ ستایلی نوێ بە دوگمەکان سوودی لێوەربگیرێت.



بۆ نموونـــە ئێوە دەتوانن گۆرانییەك بکەنـــەوە و بە پرۆگرامی Muskin لە کیبۆردەکەدا ریتمی گۆرانییەکە بـــەرز و نزم بکـــەن و واتە گڵۆپی دوگمەکان بەپێی ریتمی گۆرانییەکە دەگۆڕدرێت. گڵۆپەکان بۆ کارکردن پێویستیان بە وزەیەکی زۆر کەمە.


# مۆبایلی ئایفۆن یان نەخۆشخانەی گەڕۆک

هاندی مۆبایلی ئایفۆن هەر لەسەرەتای بەرهەم هاتنیەوە ئەرکی ئەو تەنیا ئەنجامدانی ئەرکی پەیوەندی نەبووە، بگرە ئایفۆن وەك کۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆن و فاکس و گەیمەر...تاد سوودی لێوەردەگیرێت، ئایفۆن وەك کامێرایەکی دیجیتالی پیشەیی رۆڵی خۆی دەبینێت، لە هەندێك وڵاتدا کە سیستەمی بانکی پێشکەوتووە، ئایفۆن وەك کارتی بانکیش سوودی لێوەردەگیرێت. رۆژ لەگەڵ رۆژیش ئامێری لاوەکی گرنگ بۆ ئایفۆن بەرهەم دێن کە ئەرکی جیاجیا ئەنجام دەدەن، وەك ئەم کەیسەی ئایفۆن کە هەم ئایفۆنەکە دەپارێزێت و هەم هێڵکاری دڵی خاوەنەکەی دەکات، ئەو ئامێرەی کە تەنیا لە نەخۆشخانەکاندا هەیە، ئامێری هێڵکارییەکە کە بە ئایفۆنەکەوە پەیوەند دەدرێت دەتوانێت 12 هەزار جار کرداری سی چرکەی هێڵکاری دڵ نیشان بدات. ئامێری بچووکی Alivecore Heart Monitor کە لە مۆبایلی ئایفۆن دەخرێت، بڕیار وایە لە سەرەتای کریسمیسی ئەمساڵدا بکەوێتە بازاڕەوە.




## گەشت لە جیهاندا بەیەک کلیک

حەز دەکەی شاری پاریس ببینی و سەرێك لە تاوەری ئیڤیل بدەی، یان ئارەزووتە بچییە ئەمەریکا و سەرێك لە پەیکەری ئازادی بدەی، یان حەز دەکەی شوێنە گەشتیارییە جیهانییەکان وەك خۆی ببینی. لە جیهانی ئەنتەرنێتدا ئەم ئاواتانە دێنە دی. سایتی //:http www.360cities.net/ سایتێکە کە دەکرێت بەشێوەیەکی زۆر واقیعی بە هەر چوار دەوری تاوەری ئیڤیل یان کاتژمێری بیگ بیندا بخولێیەوە و



سەر لە ئیتالیا بدەی و پیاسەیەك لە شەقامەکانی رۆمادا بکەی.. یان حەز دەکەی هەر بۆ خۆشیش بێت سەرێك لە قەڵای هەولێر و پارکەکانی بدەی، ئەم سایتە بکەوە لە بەشی سێرچ واتە بەدواداگەڕاندا ناوی ئەو شوێنە بنووسە کە مەبەستتە.

کاتێك سایتەکە دەکەیتەوە ناوی ئەو شوێنانەی تێدایە کە بەشێوەیەکی پانۆرامایی واتە 360 پلە دەکرێت بە دەوریدا بسوڕێیەوە و بەهۆی زومەکەی بیهێنیە پێشەوە.

# تەلەفۆنێکی هۆشمەند بە دوو شاشەی جیاواز



لە جیهانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەمدا کەمتر بەرهەمێکی دیجیتالی روسیمان دیوە، نەك هەر ئێستا پێشتریش روسیا زیاتر وەك وڵاتێکی بەهێزی بەرهەمهێنی چەك و کەرەستەی شەڕ ناسراوە، تاکو وەك بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای دیجیتالی.. بەڵام لەم دواییەدا لەلایەن کۆمپانیایەکی روسییەوە مۆبایلێکی هۆشمەند بەناوی YotaPhone هاتە بەرهەم، کە خاوەنی شاشەیەکی LCDیە لەلای چەپ و شاشەیەکی تایبەت بە نیشاندانی کتێبی ئەلکترۆنی واتە (E paper) لەلای راستە. ئامێرە ئەلکترۆنییەکە دوو شاشەی 3,4 ئینجی لە جۆری HD هەیە، هەرچەندە مۆبایلە کتێبخانە دیجیتالییەکە تا ئێستا بە شێوەیەکی بەرفرە نەهاتۆتە بەرهەم و تەنیا بۆ تێست رەوانەی وڵاتانی جیهان کراوە، کە ئەگەر سەرکەوتنی بە دەستهێنا پەرەی پێبدەن و زیاتر بەرهەم بێنن. شاشەی E-Paper بەم هۆیەوە بەو تەلەفۆنە هۆشمەندە زیاد بووە کە بکرێت بەهۆی رەنگی سپی و رەش زیاتر سوودی لێوەربگیرێ، چونکە شاشەکە رەش و سپییە و بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە رای وایە کە شاشەی رەش و سپی زیاتر بۆ خوێندنەوە سوودی لێدەبینرێت.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

*** نازانم هۆکاری چییە باترییەکەیان زوو تێکدەچێت و پاشماوەیەك شەحن نابێتەوە؟**

هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەکە بەڕێزتان وەك پێویست ئاگاداری لاپتۆپەکەت نەبووتە، بۆ ئەوەی کە باتری کۆمپیوتەرەکەت تێکنەچێت، ئەم خاڵانە بگرەبەر.

یەکەم ئەگەر دەزانی کارەبا لە ماوەی ئەو چەند کاتژمێرەی کار لەسەر کۆمپیوتەر دەکەی ناکوژێتەوە، هیچ پێویست ناکات باتری لەسەر لاپتۆپەکەت بێت، دەری بێنە، لە وڵاتی ئێمە کێشەی کارەبامان هەیە و نازانین کەی دێت و دەڕوات، ئەگینا لە وڵاتانی دیکە تەنیا بۆ گەشت و گەڕان و رێگای دوور لاپتۆپ باتری لەسەر دادەنێن، چونکە ئەوکاتە پێویست ناکات باتری لەسەر بێت.

دووەم: هیچ کاتێك ئیزن مەدە باتری لاپتۆپەکەت بەتەواوی دابەزێت، تەنانەت ئەگەر کارەباش نەبێت و کارێکی زۆر پێوستیشت هەبێت، ئەگەر ئاستی دابەزینی لاپتۆپ گەیشتە 40% لاپتۆپەکە بکوژێنەوە.

سێیەم: لە مانگێکدا یەکجار باترییەکەت بە تەواوی خاڵی بکەوە، بۆ ئەوەی کە لە بارگاوی بوونی نوێدا خانەکانی نوێ ببنەوە.

چوارەم: لەکاتی نەبوونی کارەبادا DVD بە لاپتۆپ لێمەدە، چونکە لەم کاتەدا زیان بە باتری و DVD player ەکەت دەگات.




# دکتۆر ماوس ئاگاداری تەندروستیان دەبێت!




ماوس هەرچەندە بە ئامێری لاوەکی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێت، بەڵام لە راستیدا لە ریزی ئامێرە سەرەکییەکان دێتە ژمار، چونکە وەك کلیلی سەرەکی چوونە ناو پرۆگرامەکانە و بۆ ئاسانکاری لە ئەنجامدانی ئەرکەکاندا رۆڵی گرنگ دەبینێ و هەروەها زۆر پرۆگرامیش هەن بەبێ ماوس ئەنجام نادرێن. بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژی نوێ، لەم دواییە ماوسێکیان بەرهەم هێناوە کە جگە لە ئەنجامدانی ئەرکی خۆی، زەختی خوێن و لێدانی دڵ دەگرێت و ئەگەر لە بەکارهێنەرەکەیدا هەستی بە گرفتێکی تەندروستی کرد، بەهۆی کۆمپیوتەرەوە زانیارییەکان بۆ سایتی تەندروستی بەڕێ دەکات، یان بۆ ئەو دکتۆرەی کە مەبەستتە، بۆ ئەوەی کە لە مەترسی نەخۆشییەکەت ئاگادارت کاتەوە، M.D mause زەختی خوێن و لێدانی دڵ دەگرێت، تەنیا ئەوەندە بەسە کە پەنجە بخەیتە ئەو بازنەیە کە بە ماوسەکەوە لکێندراوە و زانیارییە تەندروستییەکان بەهۆی ئەوەوە دەزانرێت.